# الأبعاد القانونية والفقهية للبيتكوين
# (دراسة تحليلية مقارنة)

م.م. چاوان سردار لطيف
قسم القانون، كلية الحقوق والعلاقات الدولية، الجامعة اللبنانية الفرنسية، أربيل، إقليم كردستان، العراق.
middle.sardar@lfu.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: البيتكوين كعملة الكترونية، الطبيعة القانونية للبيتكوين، الاثار القانونية للبيتكوين، الاثار الشرعية للبيتكوين ، القيمة الاقتصادية للبيتكوين.

**كيفية اقتباس البحث**
لطيف , چاوان سردار , الأبعاد القانونية والفقهية للبيتكوين (دراسة تحليلية مقارنة),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٥ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

مسجلة في Registered
ROAD

مفهرسة في Indexed
IASJ

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

Legal and Jurisprudence Dimensions of Bitcoin
(Comparative Analytical Study)

Chawan Sardar Latif
Department of Law, College of Law and International Relations, French Lebanese University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
middle.sardar@lfu.edu.krd

**Keywords** : Bitcoin as an electronic currency, Legal nature of Bitcoin, Legal nature of, Legal implications of Bitcoin, Shariah implications of Bitcoin, Economic value of Bitcoin.

**How To Cite This Article**
Latif , Chawan Sardar , Legal and Jurisprudence Dimensions of Bitcoin (Comparative Analytical Study) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract
The modern technology, Internet advancement and the progress of individuals in terms of work and economic activity cannot happen without finding appropriate ways to pay, In the current economic turmoil in Iraq and the Kurdistan Region, payment systems can be based on advanced technology, which will directly change banking activities, The use of electronic services plays an important role in the economy and is unprecedented in terms of speed and shortening of routes.

The term bitcoin is used to describe the concept of electronic money or digital currency or electronic cash. In this paper, based on the method of comparative analysis of the legal and jurisprudence dimensions of bitcoin and the recognition of bitcoin currency, which is a new type of money and its characteristics and the position of Iraq and the Kurdistan Region in terms of laws and fatwas of the Supreme Council of Religious Scholars regarding the transaction and trading use of bitcoin The researcher has come to the conclusion that there is a legal gap for regulation and how to

deal with bitcoin. Regarding the method of our research, they use comparative analysis methods by discussing and analyzing the subject, putting the opinions of the authors and researchers and comparing bitcoin between Islamic law and Sharia .My research includes a new and contemporary topic that discusses the legal and jurisprudence of Bitcoin in five parts

ملخص:

لا يمكن للتكنولوجيا الحديثة، ولا لتقدم الإنترنت، ولا لتقدم الأفراد في العمل والنشاط الاقتصادي أن يتحقق دون إيجاد وسائل دفع مناسبة. في ظل الأزمة الاقتصادية الراهنة في العراق وإقليم كردستان، يمكن الاعتماد على التكنولوجيا المتقدمة في أنظمة الدفع، مما سيُحدث تغييرًا جذريًا في الأنشطة المصرفية. يلعب استخدام الخدمات الإلكترونية دورًا هامًا في الاقتصاد، وهو غير مسبوق من حيث السرعة واختصار المسافات. يُستخدم مصطلح "بيتكوين" لوصف مفهوم النقود الإلكترونية أو العملة الرقمية أو النقد الإلكتروني. في هذه الورقة، وبناءً على منهج التحليل المقارن للأبعاد القانونية والفقهية للبيتكوين، والاعتراف بعملة البيتكوين، التي تُعد نوعًا جديدًا من النقود، وخصائصها، وموقف العراق وإقليم كردستان من حيث القوانين والفتاوى الصادرة عن المجلس الأعلى للعلماء بشأن معاملات وتداول البيتكوين، خلص الباحث إلى وجود فجوة قانونية فيما يتعلق بتنظيم البيتكوين وكيفية التعامل معه. فيما يتعلق بمنهج بحثنا، فقد اعتمدنا أساليب التحليل المقارن من خلال مناقشة الموضوع وتحليله، وعرض آراء المؤلفين والباحثين، ومقارنة البيتكوين بين الشريعة الإسلامية والشريعة الإسلامية , يتناول بحثي موضوعًا جديدًا ومعاصرًا يناقش الجوانب القانونية والفقهية للبيتكوين في خمسة أجزاء. تلعب التطورات التكنولوجية في عصرنا دوراً هاماً في حياتنا اليومية، ولها آثار على جميع جوانب الحياة الاقتصادية والقانونية والاجتماعية والثقافية وحتى الإسلامية. يعتبر البيتكوين ضرورة من ضرورات الناس وله أهميته الخاصة.

**ڕەهەندی یاسایی و فیقهی بیتکۆین (لێکۆلینەوەی شیکاری بەراوردکاری)**

**م.ی/ چاوان سردار لطيف**

**بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی،هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.**

chawan.sardar@lfu.edu.krd

پوختە:

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای سەردەم و ئینتەرنێت وپێشکەوتنی تاکی کۆمەڵگە لە ڕووی بواری کار و چالاکی ئابووریەوە بەبێ دۆزینەوەی ڕێگە گونجاوەکانی پارەدان ئەم پێشکەوتنە ناکرێت

رووبدات، له سەردەمی جەنجاڵی ئابوری ئێستامان دا له عێراق و هەرێمی کوردستان دەکرێت شێوازی پارەدان لەسەر بنەمای تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بنیات بنرێ کە راستەوخۆ چالاکی بانکی لەم رێیەوە گۆرانکاری بەسەر دادێت، بەکارهێنانی خزمەت کوزاری ئەلیکترۆنی بەپێی نوێ کاری له رووی ئابوری دا رۆلێکی گرینگی هەیە و بێ وێنەیە له رووی خێرای و کورت کردنەوەی رێگاکاندا.

دەستەواژەی دراوی ئەلیکترۆنی بیتکۆین بۆ دەربرینی چەمکی ئەلیکترۆنی یاخود پارەی دیجیتاڵ یاخود دراوی دیجیتاڵ وەیان نەختی ئەلیکترۆنی بەکار دەهێنرێت دەرخەری ماناو ناوەرۆکی پارەیە، لەم توێژینەوەیەدا بە پشت بەستن بە میتۆدی شیکاری بەراوردکاری رەهەندی یاسایی و فیقهی بیتکۆین و ناسینی دراوی بیتکۆین کە جۆرێکی نوێی پارەیە و تایبەتمەندیەکانی و هەڵوێستی ووڵاتانی عێراق و هەرێمی کوردستان له رووی یاساو فەتوای ئەنجومەنی باڵای گەورە زانایانی ئاینی سەبارەت بە مامەڵەکردن و بازرگانیکردن بەکارهێنانی درواى بیتکۆین توێژەر گەیشتووە بەو دەرەنجامەی کە بۆشاییەکی یاسایی هەیە بۆ رێکخستن و چۆنیەتی مامەڵەکردن بە دراوی ئەلیکترۆنی بیتکۆین. سەبارەت بە میتۆدی توێژینەوەکەمان میتۆدی شیکاری بەراوردکاری بەکاردەهێنن بە شێوەیەک بە باسکردنی و شیکردنەوەی بابەتەکەو دانانی رای نوسەران و رای توێژەر و بەراورد کردنی دراوی بیتکۆین له نێوان یاساو شەریعەتی ئیسلامیدا.

توێژینەوەکەم بابەتێکی تازەو سەردەمیانە لەخۆ دەگرێت کەرەهەندی یاسایی و فیقهی بیتکۆین له پێنج بەشدا دێتە باس کردن

**کلیله وشه:** دراوی ئەلیکترۆنی بیتکۆین، سروشتی یاسای بیتکۆین، شوێنەواری یاسایی بیتکۆین، شوێنەواری شەرعی بیتکۆین، بەهای بیتکۆین.

## ١- بەرایی

بیتکۆین یەکێکە لە گرنگترین جۆرەکانی دراوی ئەلیکترۆنی کە خۆی لە ئابووری جیهانیدا سەپاند لە ئاکامی ئەو شۆڕشە دیجیتاڵی و تەکنەلۆژیایەی کە ئەمڕۆ جیهان بەخۆیەوە دەبینێ لە کەرتی دارایی و بانکیدا، وە هاتنی بیتکۆین تەنها بۆ ووڵاتانی ڕۆژئاوا نەبوو بەڵکو ووڵاتانی ئیسلامیش لەلایەن موسڵمانانەوە مامەڵەی پێدەکرێت واتە بە شێوەیەکی بەرچاو لە هەموو ووڵاتانی جیهان بڵاوبۆوە کە ووڵاتانی ئیسلامیش لە خۆ دەگرێ[(١)].

پێشکەوتنی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و پێشکەوتنی تاکی کۆمەڵگە و زیاد بوونی بیرۆکەی کار و چالاکی لە لایەن تاکەکان بۆ گەڕانەوەی کات و کورت کردنەوەی ڕێگاکان وەکەم بوونەوەی تێچووی هاتوچۆ هۆکاربوون بۆ زیاد بوونی خواستی هاوڵاتیان بۆ بەکارهێنانی بیتکۆین.

### ١,١ گرنگی توێژینەوە:

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و تەکنیکی کەلە سەردەمی ئێستاماندا هەیە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە ژیانی ڕۆژانەماندا، وە کاریگەریەکانی بۆ هەموو لایەنەکانی ژیانی ئابووری و یاسایی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و تەنانەت شەرعی و ئیسلامیش هەیە، بیتکۆین لە دایک بووی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایە وە بەکارهێنانی حوکمی ئیسلامی وردی تێدایە کە پێویستە بخوێندرێتەوە، بیربکرێتەوە وە فەتوایی شەرعی و پرسیار لە بەیاساییکردنی بیتکۆین بە پێویستی خەڵکی دادەنرێت و گرنگی خۆی هەیە.

### ٢. ئامانجی توێژینەوە:

ناسین و ئاشنابونمان بە چەمکی دراوی ئەلیکترۆنی بیتکۆین وە زانینی تایبەتمەندییەکانی و زانینی سروشتی یاسایی و هەڵوێستی وڵاتان و چەندێتی قبوڵکردن و ڕەتکردنەوەی لەلایەن یاسا و وڵاتان و گەیشتنمان بە حوکمی شەرعی مامەڵەکردن بە دراوی بیتکۆین پێویستە بۆ موسڵمانان بخرێتە ڕوو.

**١,٣ گریمانەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە گریمانەی ئەوە دەکات کە بیتکۆین لە ڕووی سروشتی یاساییەوە جۆرێکی نوێی دراوە وە لە ڕووی شەرعەوە بەکارهێنان و مامەڵەکردن بەم جۆرە دراوە حەرامە.

ئەم توێژینەوە کار بۆ سەلماندن یان نەسەلماندنی ئەم گریمانەیە دەکات.

**١,٤ پرسیاری توێژینەوە:**

١,٤,١ دراوی بیتکۆین و تایبەتمەندیەکانی چیە؟

١,٤,٢ سروشتی یاسایی دراوی بیتکۆین چۆنە؟

١,٤,٣ ئاراستە یاساییەکانی درواى بیتکۆین و هەڵوێستی وڵاتان وە لە نێوانیاندا هەڵوێستی عێراق و هەرێمی کوردستان ڕووەو چ ئاراستەیەکە؟

١,٤,٤ ئایا درواى بیتکۆین بە پێی یاسا ڕێکخراوە؟

١,٤,٥ حوکمی شەرعی دراوی بیتکۆین چیە؟

وەڵامی ئەم پرسیارانەلەبەشەکانی توێژینەوەکەم دا دێتە بەر دیدە.

**١,٥ گرفت و ئاستەنگی توێژینەوە:**

١,٥,١ گرفتی توێژینەوە:-

پێشوازی کردن و قبوڵکردنی بیتکۆین لە جیهاندا وەڕەتکردنەوەی لە شەریعەتی ئیسلامیدا کێشەی ئەم توێژینەوەیەیە کە لەڕێگای توێژینەوەکەمدا کە توێژینەوەیەکی هاوبەشی یاسایی و شەرعی یە ئەم گرفتانە دێنە چارەسەر کردن.

**١,٥,٢ ئاستەنگی توێژینەوە:-**

نەبوونی یاسای تایبەت بەم بابەتە و نەبوونی سەرچاوەی پێویست لە گرنگترین ئاستەنگیەکانی بەردەم توێژەر بوون.

**١,٦ میتۆدی توێژینەوە:-**

سەبارەت بە میتۆدی توێژینەوەکەمان میتۆدی شیکاری بەراوردکاری بەکاردەهێنین بە شێوەیەک بە باسکردنی و شیکردنەوەی بابەتەکەو دانانی ڕای نوسەران و ڕای توێژەر و بەراورد کردنی دراوی بیتکۆین لە نێوان یاساو شەریعەتی ئیسلامیدا.

**١,٧ پلانی توێژینەوە :**

توێژینەوەکەم بابەتێکی تازەو سەردەمیانە لەخۆ دەگرێت کەڕەهەندی یاسایی و فیقهی بیتکۆین لە پێنج بەشدا دێتە باس کردن:

١,٧,١ بەشی یەکەمی توێژینەوەکەم بەرایی لەخۆ دەگرێت کەتێیدا ڕاگەیەندراوی توێژینەوە و گرنگی و ئامانج و گریمانە و پرسیار و کێشەو پلانی توێژینەوە .

١,٧,٢ بەشی دووەمی توێژینەوەکەم چەمکی دراوی بیتکۆین و گرنگترین تایبەتمەندیەکانی بیتکۆین و چەندێتی گۆڕینی نرخی بیتکۆین تێیدا دەخرێتە ڕوو.

١,٧,٣ بەشی سێیەمی توێژینەوەکەم سروشت و ئاراستە یاساییەکانی دراوی بیتکۆین لەخۆ دەگرێت،لە دوو لقدا کە لە لقی یەکەمدا باس لە سروشتی یاسایی دراوی بیتکۆین دەکرێت کە ئەویش تێیدا بیتکۆین یەکێکە لەشێوەکانی دراوی یاسایی وە یاخود بیتکۆین



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

جۆرێکی نوێیە لە جۆرەکانی دراوی یاسایی وە ڕای توێژەری ئەم توێژینەوەیە، دێتە باسکردن وە لقی دووەمی هەمان بەشدا باس لە ئاراستە یاساییەکانی دراوی بیتکۆین دەکرێت کە تێیدا هەڵوێستی وولاتان دەخەینەڕوو.

١,٧,٤ بەشی چوارەمی توێژینەوەکەم حوکمی دراوی بیتکۆین لە تەرازووی شەرعیدا لە دوو لقدا دێتە باسکردن کە تێیدا لە لقی یەکەم دا لێدوانی گەورە زانایانی ئاینی و حوکمی شەرعی بیتکۆین دەخرێتەڕوو وە هەروەها لەلقی دووەمیش دا ئەو ڕێگریانەی کە ڕێگە لەشەرعی بوونی دراوی بیتکۆین دەگرن ڕوون دەکرێنەوە..

١,٧,٥ دوای هەموو ئەوانەی پێشوو ڕۆڵی دەرئەنجام دێتە ئاراوە کەلەمیانەی توێژینەوەکەمدا پێیدەگەم پاشان ئاماژە بەهەندێک پێشنیار دەکەم کەپێم وایە بۆ سەرنج دان نوێن.

**٢.دەستەواژەی بیتکۆین و تایبەتمەندییەکانی:-**

پوختەی ئەم بەشە بریتی دەبێت لە ناساندنی دراوی ئەلیکترۆنی بیتکۆین، وە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی دەخرێتەڕوو.

**٢,١ دەستەواژەی دراوی ئەلیکترۆنی بیتکۆین:-**

بەناوبانگترین و فراوانترین و بەکارهێنراوترین دراوە لە نێوان دراوە دیجیتاڵیەکانی سەر ئینتەرنێت دا کە بەتەواوی ڕەمزێنراوە، وەماوەی تایبەتمەندی خۆیەتی کە ئەمەش وایکردووە بە خێرایی گەشەبکات و بڵاوبێتەوە لەنێوان هاوڵاتیاندا وە نرخەکانیان بەردەوام ڕوو لەزیادبوون بکات وە بیتکۆین هیچ بونێکی فیزیکی نییە وەکو دراوە کاغەزی و کانزاییەکان وەدراوێکی گریمانەییە، هەرلەبەر ئەوەشە کەهیچ لایەن و دەستەیەکی دیاریکراو نییە، کە کۆنترۆڵی ئەم دراوە بکات هەر بۆیە موڵکی هەر کەسێکە کەبەکاری دێنێت لەهەر شوێنێکی جیهاندا[٢]، وە هەروەها دراوێکی ژمارەییە و دەگۆردرێتەوە لی کۆمپیوتەرێکەوە بۆ کۆمپیوتەرێکی تر لە ڕێگەی تۆری ئەنتەرنێتەوەو لامەرکەزیە واتە بە شێوەیەکی مەرکەزی بە دەسەڵات یان حکومەت کۆنترۆل ناکرێت، دەکرێت هەر کەسێک دەست گەیشتنی پێهەبێت لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە[٣].

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کەدراوی ئەلیکترۆنی بیتکۆین لەڕێگەی تۆری ئینتەرنێتەوە کاری پێدەکرێت وەلەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە هاتۆتە ئاراوە وە خواست و ویستی هاوولاتیانی لەسەرە دەشێ بەراورد بکرێت لەگەڵ هەر جۆرێکی تری پارە، مامەڵەو بازرگانی پێوە دەکرێت وە نرخی بەردەوام لەزیادبوون دایە، وە ئەم دراوی بیتکۆینە وەک پارەی ئاسایی یاسایی دەستا و دەستی پێناکرێت بەڵکو تەنها ژمارەیە و لەڕێگەی تۆری ئینتەرنێت لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا بەتایبەت لەدوای ساڵانی (٢٠٠٨)زیاتر پشتگیری بیتکۆین کرا بەهۆی ڕاپکردنی مامەڵە داراییەکان بەبێ بەکارهێنانی بانکەکان، کەواتە دەتوانین بڵێین لەساڵی (٢٠٠٩)دراوی بیتکۆین سەری هەڵدا[٤].

هەڵاوسان و گۆڕانی نرخی بیتکۆین هەڕەشەکەیە بۆ چارەنوسی ئابووری نەریتی و دارایی وولات[٥] لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کەوا بیتکۆین دراوێکە نرخی ناجێگیرە بەردەوام لە گۆران دایە کەئەمەش دەبێتە هۆی پێشبینی کردنی ڕوودانی زیان و مایە پوچ بوونی سەرمایە داران لە ئەنجامی مامەڵەکردن ئەم دراوە. کەواتە دەتوانین بڵێین پێناسەی دراوی بیتکۆین بکەین بەوەی کە (بەهای کاشی پاشەکەوتکراوە کە پێشتر دراوەو پەیوەندی بە ئەژمێری بانکیەوە نیە بە فراوانی لە لایەن ئەو کەسانەوە پەسەندکراوە کە بەکاری دێنن، وەک ئامرازێک بۆ پارەدان بەکاردەهێنرێت لە مەبەستی شتومەکی جیاوازدا[٦].

**٢,٢ تایبەتمەندیەکانی دراوی ئەلیکترۆنی بیتکۆین:-**

هەڵبەتە تایبەتمەندیەکانی دراوی بیتکۆین زۆرن بەڵام توێژەری ئەم توێژینەوەیە گرنگترینیان دەخاتە ڕوو:-

٢,٢,١ هەڵگرتنی ئاسانە:-

بیتکۆین هەڵگرتنی ئاسانە لەبەر نەبوونی کێش و قەبارەکەی بۆیە لە پارەی ئاسایی پراکتیکترە هەربۆیە تاکەکان ڕزگاریان دەبێ لەهەڵگرتنی پارەی نەختینەیەکی زۆر بۆکڕینی کاڵاو خزمەتگوزاری هەرزان وەک کڕینی ڕۆژنامەیەک، یان خواردنەوەیەک، یاخود خواردنێکی سوک[٧].

٢,٢,٢ توانای گواستنەوە و گەیاندن:-

توانای گواستنەوە و گەیاندنی هەیە لەئامێری ئەلیکترۆنی کڕیارەوە بۆ ئامێری ئەلیکترۆنی فرۆشیار[٨].

لەم تایبەتمەندیەوە توێژەری ئەم توێژینەوەیە دەگاتە ئەوخاڵەی کەکڕیار و فرۆشیار لەشوێنی خۆیانەوە مامەڵە و بازرگانی دەکەن وە پارەکە دەگوازرێتەوە لەلایەن کڕیارەوە بۆ فرۆشیار بێ پێویستی بوونی ناسینی یەکتر لەنزیکەوە و ڕۆیشتنیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر کەئەمەش لەلایەکەوە تێچووی پارەکەم دەبێتەوە، لەلایەکی تریشەوە کێشە کۆمەڵایەتیەکان کەم دەبێتەوە بەشێوەیەک کەبازرگانەکان لە شوێن و ماڵی خۆیانەوە لەنێو ماڵ و خێزانی خۆیان کارەکانی خۆیان ڕایی دەکەن بەبێ ڕۆیشتنیان و بەجێهێشتنی خێزانەکانیان.

٢,٢,٣- كۆنترۆڵی لامەرکەزییە:

بەپێچەوانەی دراوە ئاساییەکان بیتکۆین پێویستی بە دەسەڵاتی دابەشکردنی ناوەندی دراو نیە بۆدابەشکردنی دراو واتە کۆنترۆڵکردنی بیتکۆین لامەرکەزییە واتە هیچ قەوارەیەکی یاسایی بەرپرسی نیە لەبیتکۆین وەک دراو، وەبیتکۆین پشت بەهیچ قەوارەیەکی هەناردەکارانی ناوەندی نابەستێت بەڵکو لەرێگەی تۆری ئینتەرنێتەوە هەناردەی دراوی دەکرێت لەلایەن تەکنەلۆژیایی هاوتاوە دەگوازرێتەوە بەبێ ئەوەی پێویستی بەدەڵاڵ هەبێت[٩].

## ٣ سروشت و ئاراستە یاساییەکانی دراوی ئەلیکترۆنی بیتکۆین:-

لەم چاپتەرەدا سروشتی یاسایی بیتکۆین و ئاراستە یاساییەکانی بەپێی هەڵوێستی وڵاتان و عێراق و هەرێمی کوردستان دەخەینە بەردیدە.

### ٣,١ سروشتی یاسایی دراوی ئەلیکترۆنی بیتکۆین:-

دراوی ئەلیکترۆنی بیتکۆین لەڕووی سروشتی یاساییەوە جیاوازە لەسروشتی یاسایی دراوی ئاسایی بەشێوەیەک کەلە بانکی ناوەندی و هیچ دەزگایەکی داراییەوە دەرناچێت وە خەڵکی سەرپشکن لەبەکارهێنانی دابەپێچەوانەی دراوی ئاسایی کەخەڵکی ناچارن مامەڵەی پێبکەن[١٠].

سروشتی ئەم دراوانە بێ گومان لەڕووی کرداریەوە گرنگیەکی زۆری هەیە چونکە ئەم دیاری کردنە پشت بەسیستەمی یاسایی دەبەستێ لەکاتی ڕوودانی کێشەدا بە شێوەیەک ئەگەر ئەم دراوی بیتکۆینە بەجۆرێک لە جۆرەکانی یاسایی هەژمار بکرێت ئەوە دەبێتە باری سیستەمی دراو بەڵام ئەگەر هاتوو ئەم دراوی بیتکۆین بەجۆرێکی نوێ لەدراو دابنرێت ئەوە سیستەمی دراو و سیستەمی یاسایی بەپێی سروشتە تایبەتبەکەی حوکمی دەکات[١١].

ڕای زانایان جیاوازە سەبارەت بە سروشتە یاساییەکەی:-

ڕای یەکەم/ بیتکۆین یەکێکە لەشێوەکانی دراوی یاسایی:-

لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە دووپاتی دەکەنەوە کەتاکەکان بیتکۆین بەکاردەهێنن بۆ پێدانی پارەکانیان کەئەمەش هەمان تایبەتمەندی وکاری پارەی ئاسایی یە وەهەمان کاری پارەی ئاسایی دەکات کە بەهەوێنێکی دارایی دادەنرێت وەلەشێوەی پارەی ئاسایی سنوردارکراوە لەڕووی بە هاوە[١٢].

ڕای دووەم/ بیتکۆین جۆرێکی نوێیە لەجۆرەکانی دراوی یاسایی:-

زیادبوونی بازرگانی ئەلیکترۆنی بوە هۆی سەرهەڵدانی جۆرێکی نوێی پارە کەناسراوە بە بینکۆین کەیەکێکە لەگرنگترین شێوازی بەکارهاتووەکان بۆ جێگیرکردنی مامەڵەی بازرگانی دەرکەوتوو لەنێوان کڕیارەکانی جیهانی بازرگانی ئەلیکترۆنی دا[١٣].

کەواتە بەهۆی زیادبوونی بازرگانی لەرێگەی ئەلیکترۆنیەوە ئەم جۆرە نوێیەی دراو هاتۆتەکایەوە کەخۆی لەخۆیدا کارئاسانی یە بۆ بازرگانەکان و ئیدی بوەتە هۆی زۆرترین بەکارهێنانی.

بەڕای توێژەری توێژینەوەیە بیتکۆین جۆرێکی مۆدێرنی دراوە،بەهۆی ئەوەی کە دراوی ئەلیکترۆنی بیتکۆین لەئەنجامی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە سەری هەڵداوە وەلەگەڵ بەرەو پێش چونی کۆمەڵگەو زیاد بوونی تۆرەکانی ئینتەرنێت و باشتر بوونی بارودۆخی هاوڵاتیان و زیادبوونی بازرگانی ئەلیکترۆنی و گرێبەستی ئەلیکترۆنی خواستی هاوڵاتیان بۆ ئەم جۆرە دراوە لە هەڵکشاندایە، توێژەری ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ بۆچونی یەکەم دا هاوڕایە بەشێوەیەک کەهەمان کاری دراوی ئاسایی دەکات وەک کڕین و فرۆشتن و دانەوەی قەرزو هەموو شتێکی پێدەکرێت بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا بیتکۆین شتێکە لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای سەردەم

داهاتۆتە ئاراوە وەک دراوی ئاسایی لەساڵان و سەدەکانی پێشوودا هیچ بوونێکی نەبووە وە پێشر لە ساڵانی ڕابردوو یاسا هەر هەبوو بۆ دراوی ئاسایی بەڵام نەک ساڵانی پێشوو بەڵکو بەئێستاشەوە هیچ یاسایەکمان نییە بۆ بتکۆین کەئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کەدراوی بتکۆین جۆرێکی مۆدێرنی دراوە نەک یەکێک لە شێوازەکانی دراوی ئاسایی.

### ٣,٢ ئاراستە یاساییەکانی دراوی ئەلیکترۆنی بیتکۆین :-

دەتوانین بڵێین کەوا وولاتان بەپێی یاسا دراوی بیتکۆینیان ڕێکنەخستوە وەیاسای تایبەت بەم بابەتەیان نیە لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە وولاتان پێشوازی لەم جۆرە دراوە دەکەن و مامەڵەی پێوەدەکەن وە هەندێک وولاتیش ڕەتی دەکەنەوە و قبوڵی ناکەن وبە نایاسایی بونیان ڕادەگەیەنن، هەر بۆیە بە پێویستی دەزانین لە خوارەوە زیاتر ڕوون کردنەوە بدەین و هەڵوێستی وولاتان بخەینە ڕوو:

١. هەڵوێستی نەرێنی و نایاسایی وولاتان بۆ بیتکۆین:-

لەئیستادا بەلایەنی کەمەوە (١٥) وولات با شێوەیەکی ئاشکرا نایاسایی بوونی بیتکۆینیان ڕاگەیاندوە کە سێ لەو وولاتانە لە ئەفریقیا (جەزائیر، مەغریب، میسر) هەن، سێ وولات لە ئەمریکای باشوور (بۆلیڤیا، کۆلۆمبیا، ئیکوادۆر) وڵاتانی ئاسیا و چین و ئەندەنوسیا و سعوودیە و پاکستان و تایوان ئەم وولاتانە هەموویان نایاسایی بوونی بیتکۆینیان ڕاگەیاندوە دەتوانین بڵێین چین یەکەم وولات بوو لە ئاسیا کە بیتکۆینی دورخستەوە لە بانکی ناوەندی چین دا قەدەغە کراوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاوڵاتیان ئازادن لە مامەڵەکردن بە بیتکۆین و بە دەست هێنانیان وەهەروەها ئەندەنوسیا بە پلەی دووەم دێت کە هۆشداری بانکی ناوەندی ئەندەنوسیای کردوە لەسەر بوونی مەترسی بەهۆی بیتکۆینەوە لەسەر سەقامگیری دراوی نیشتمانی[١٤].

هەر لە میانەی توێژینەوەکەمان دا لە گەرانمان بۆ دۆزینەوەی تازەترین زانیاری لەسەر دراوی بیتکۆین بۆمان دەرکەوت کە تورکیاش لەرێزی ئەو وڵاتانەدایە کە هەلوێستێکی نەرێنی هەیە بەرامبەر دراوی ئەلیکترۆنی کە بیتکۆینیش دەگرێتەوە بەشێوەیەک کە بانکی ناوەندی تورکیا بەکارهێنانی دراوە ئەلیکترۆنیەکانی لە کڕینی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان قەدەغەکردووە کە (هەموو سەرمایەو دراوە دیجیتالیەکان کە لەسەر بنەمای تەکنەلۆژیا دامەزراون ناتوانرێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ وەک ئامرازێکی پارەدان بەکاربهێنرێت) ئەم بریارەش لە ٢٠٢١/٤/٣٠ کارا دەبێت، هۆکاری ئەم بریارەش دەگەرێتەوە بۆلاوازی لیرەی تورکی و فشارە هەلئاوسانەکان لەسەر دراوی ئەلیکترۆنی[١٥].

٢. هەڵوێستی ئەرێنی ویاسایی وولاتان بۆ بیتکۆین:-

هەندێک وولات بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەکارهێنانی یاسایی بیتکۆینیان لە ڕێگەی هەندێک چاودێری ڕێکخەرەوە پەسەند کردوە وەك وولاتی کەنەدا کە بە گشتی هەڵوێستێکی دۆستانەی هەیە بۆ بیتکۆین وەئەوە پشت ڕاست دەکاتەوە کە بیتکۆین وەك کاڵایەکی ئاژانسی داهاتی کەنەدییە ئەمەش مانای ئەوەیە کەمامەڵەی بیتکۆین وەك مامەڵەی دراوی ئاسایی داەنرێت بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا هەندێک بانکی سەرەکی کەنەدی هەیە کە بەکارهێنانی بیتکۆینی قەدەغەکردوە بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کەنەدا یەکێکە لەو وولاتانەی کە بیتکۆینی بە یاسایی لەقەڵەم داوە،وە هەروەها ئوسترالیا بیتکۆین وەك هەر دراوێکی تر لەبەر چاو دەگرێت وە ڕێگە بە قەوارەکان دەدات بازرگانی پێوە بکەن و یان بیکرن،وە هەروەها یەکێتی ئەورووپی ڕێگە بە تاکی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا دەدات بۆ مامەڵەکردن پێی،وە هەروەها لە بەریتانیا بیتکۆین پێگەی خۆی هەیە و دەیانەوێت ببێتە پاڵپشت و بەرەو پێش چوونی دراوی دیجیتاڵی، وە لە بولگاریا



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

بیتکۆین بە شێوەیەکی بەرچاو پێشکەوتوە وە ئەڵمانیا بیتکۆین بە یاسایی دادەنێت وە ئەمریکاش بە گشتی هەڵوێستێکی ئەرێنی هەیە بەرامبەر بە بیتکۆین، وە سەنگافورەش یەکێکە لەو وولاتانەی پاڵپشتی بۆ بیتکۆین دەردەخات(١٦).

بەم پێیەش وولاتانی ناوبراو یاسای تایبەت بە دراوی ئەلیکترۆنی بیتکۆینیان نیە و بە یاسای تایبەت رێکنەخراوە، بەڵام پاڵ پشتیەکی ئەرێنی بۆ مامەڵەکردن و بازرگانیکردن و بەکارهێنانی بیتکۆین دەردەبڕن.

سەرەڕای هەموو ئەوانەی پێشوو لە کۆتاییەکانی ڕۆژی سێ شەممەدا لە بەرواری ٢٠٢١/٦/٨ لە پەرلەمانی سلڤادۆر ڕەزامەندی درا لەسەر ڕێگەدان بە بەکارهێنانی دراوی ئەلکترۆنی بتکۆین لەبەرکارهێنانی زۆر بابەتی ژیانی ڕۆژانەدا هەر لە کڕینی خانوو بەرەوە تاوەکو دانی باج، سەرۆك ئەبو کیلە لە تویتێکدا نووسیویەتی زۆرینەیەکی شایستە یاسای بتکۆینیان پەسەند کرد، هەر بۆیە سلڤادۆر یەکەم ولاتە لە جیهاندا کە بیتکۆینی کرد بە دراوێکی یاسایی لە ڕێگەی دەنگدانی پەرلەمانەوە(١٧).

٣. هەڵوێستی عێراق و هەرێمی کوردستان :-

جیاواز لە هەردوو هەڵوێستی پێشوو عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ نەبوونی یاسای تایبەت بە دراوی ئەلیکترۆنی بیتکۆین یاسادانەری عێراق هیچ هەڵوێستێکی نیە نە بە ئەرێنی وە نە بە نەرێنی واتە یاسادانەری عێراق بێدەنگی نواندوە نەقبوڵی کردوە نە ڕەتیشی کردوەتەوە بەڵام هاوڵاتیانی لە نێوان خۆیاندا مامەڵەی ئاڵوگۆری بازرگانی پێدەکەن بە جۆرێك کە ویست و مەیلی هاوڵاتیان لە عێراق و هەرێمی کوردستان دا بۆ بەکارهێنانی بیتکۆین بەردەوام لە زیاد بووندایە، بەڵام سەبارەت بە بانکی ناوەندی لەعێراق بەپێی ڕاپۆرتی گۆڤاری طموح T/لە (١٨/کانوونی دووەمی/٢٠٢١)باس لە بیتکۆین دەکات، گۆڤارەکە ڕایگەیاندوە کە لە ئەگەری مامەڵەکردن بە بیتکۆین نایاساییە بەپێی بڕیاری بانکی ناوەندی عێراق کە هۆشیاری دەداتە بەکارهێنەرانی لە ڕووی مەترسیەکانی دراوی بیتکۆین بەکارهێنەرانی دەخاتە سەر حوکمەکانی یاسای سپیکردنەوەی پارە ژمارە (٣٩) ساڵی (٢٠١٥) و یاسای پەیوەندیدارەکان لەو بوارەدا(١٨).

کەواتە دەتوانین بڵێین کە بانکی ناوەندی عێراق بڕیاری نایاسایی مامەڵەکردنی پێداوە لە عێراق دا بەڵام یاسا دانەری عێراقی تاوەکو ئێستا بێدەنگی نواندوە و هیچ هەڵوێستێکی نەبووە وە هیچ یاسایاکیش نیە تایبەت بەم بابەتەو قەدەغەکردنی بەکارهێنانی، وە هاوڵاتیانیش لەنێوان خۆیاندا مامەڵەی پێوە دەکەن.

وە هەروەها لە هەرێمی کوردستانیش دا هیچ یاسایەکی تایبەت بە ڕێکخستنی دراوی ئەلیکترۆنی بتکۆین بونی نیە بەلام هاوڵاتیان لە نێوان خۆیان دا مامەلەی پێوە دەکەن.

کەواتە دەتوانین بڵێین لە عێراق و هەرێمی کوردستان دا هیچ یاسایەکمان نیە تایبەت بە دراوی ئەلیکترۆنی بیتکۆین، وە بۆ زانینی چۆنیەتی بەکارهینان و مامەلەکردنی دراوی بیتکۆین بەشێوەیەکی فەرمی لە بانکەکان دا توێژەری ئەم توێژینەوەیە هەستاوە بە سازکردنی چەند دیمانەیەك لە نزیکەوە لەگەڵ بەرێوەبەرانی بانکی حکومی و بانکی ئیسلامی دا لە هەرێمی کوردستان بۆ ئاشنابوونمان بە چۆنیەتی گوزەرکردنی دراوی بیتکۆین بە شێوەیەکی فەرمی لە بانکەکان دا، کە لە میانەی سازکردنی دیمانەیەك لەگەڵ بەرێوەبەری بانکی بێخال کە بانکێکی حکومیە بەرێزیان پێی وابوو بەهۆی دەرچوونی ئەو بریارەی کە لە بانکی ناوەندی مەرکەزی دەرچووە سەبارەت بە قەدەغەکردنی بەکارهینان و مامەڵەکردن بە بیتکۆین بەهیچ شێوەیەك دراوی ئەلیکترۆنی بیتکۆین لە بانکەکەمان دا بەکارنایەت و مامەڵەی پێوەناکرێت(١٩).

هەر لەمیانەی سەردانیکردنێکی مەیدانی لە نزیکەوە دیمانەیەکمان سازکرد لەگەڵ بەڕێوەبەری بانکی أبو ظبی إسلامی بەشی هەولێر کە پێی وابوو کە دراوی ئەلیکترۆنی بیتکۆین بە پێچەوانەی سیستەمی ئیسلامی بانکەکەیانە هەر بۆیە بەهیچ شێوەیەك دراوی بیتکۆین بەکارناهێنین و مامەلەی پێوەناکرێ(٢٠).

کەواتە دراوی بیتکۆین نە لە بانکە حکومییەکان وە نە لە بانکە ئیسلامیەکان دا بە شێوەیەکی فەرمی بەکارنایەت و مامەلەی پێوەناکرێت بەهۆی نەبوونی دەق یاسا و بەهۆی دەرچوونی فەتوای شەرعی لە عێراق و هەرێمی کوردستان دا کە فەتوای شەرعی بیتتکۆین دەکەین بە بابەتی چاپەری داهاتوو، بەڵام هاولاتیان لەنیوان خۆیان بەکاری دێنن.

توێژەری ئەم توێژینەوەیە مامەڵەکردنی هاوڵاتیان بە بیتکۆین دەگەڕێنێتەوە بۆ بوونی یاسای واژووی ئەلیکترۆنی و مامەڵەی ئەلیکترۆنی عێراق ژمارە (٧٨) ساڵی (٢٠١٢) لە مادەی (٢٤) کە دەڵێ (دەکرێت پارەکان بە ڕێگەی ئەلیکترۆنی بگوازرێنەوە) بۆیە خەڵکی سەرەڕای نەبوونی یاسای تایبەت بە بیتکۆین و بێ دەنگی یاسادانەری عێراق و کوردستانی پێشوازی لە بیتکۆین دەکەن(٢١).

یاسای دۆسیەکانی شارستانی عێراقی ژمارە(٨٣)ساڵی(١٩٦٩) هەموار کراو مادده(٣٠) دەڵێ (هیچ دادگاییەک بۆی نیە ڕێگری بکات لەحوکم کردن بەو پاساوەی کە ناڕوونی لە یاسادا هەیە وە یان دەق یاسا نیە وە یاخود کەم کوڕی هەیە لە دەقدا، وە دادوەر ناتوانێ ڕێگری بکات بۆ بەدەست هێنانی ماف و وەهەروەها دوا کەوتنی نایاسایی لە دەرکردنی حوکم بە ڕێگری کردن لە بەدەست هێنانی ماف هەژماردەکرێ)(٢٢).

توێژەری ئەم توێژینەوەیە بەپێی ئەم ماددەیە دەگات بەو خاڵەی کە ئەگەر هاتوو کێشەیەک ڕویدا لەسەر بیتکۆین لە عێراق وهەرێمی کوردستان دا ئەوە دادوەر ناتوانێ بە بیانووی نەبونی یاسای تایبەت بە بیتکۆین سەیری دۆسیەکە نەکات بەڵکو ئەرکە لەسەری چارەسەری کێشەکە بکات کێشەی بەر دەستی دەکات بە پێوەر و چارەسەری بۆ دەدۆزێتەوە.

## ٤. حوکمی دراوی بیتکۆین لە تەرازووی شەرعیدا:

ئەحکامەکان و بنەماکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەگەڵ ژیان و کۆمەلگا دا ڕێدەکەن وە ڕێنمایی موسلمانان دەکات بۆ سەر ڕێگای حەلاڵ، ئەو پارەیەی کە خەڵکی لەسەردەمی پێشوودا مامەڵەیان پێوە دەکرد زێڕو زیو بوو بۆیە دەقە شەرعیەکان کۆنترۆڵی ئەم جۆرە پارەیەیان دەکرد کە تێیدا دادپەروەری مسۆگەر دەکات و حەرام و حەڵال ڕوون دەکرێتەوە وە لەسەردەمی ئیسلامی بەدواوە پارە هاتە ئاراوە کە جێگرەوەی زێرو زیو بوو کە پێشوتر مامەڵەیان پێوەدەکرد کە ڕای فیقهی و زانایانی لەبارەوە هەبوو(٢٣).

لەسەردەمی ڕۆژگاری ئەمرۆشماندا کە جۆرێکی دراوی ئەلیکترۆنی هاتۆتە ئاراوە کە بیتکۆینە کە لە جیهانی ئیسلامی و موسلمانیەتی دا و بەکارهێنان و مامەڵەکردن بە بیتکۆین حوکمی شەرعی تایبەت بەخۆی هەیە کە لەلایەن ئەنجومەنی فەتوای وولاتانەوە لە ژێر ڕۆشنایی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بلاودەکرێتەوە.

### ٤,١ لێدوانی زانایانی ئاینی لە حوکمی شەرعی بیتکۆین:-

لەسەردەمی جەنجاڵی ئابوری ئێستاماندا لەسەردەمی پێشکەوتنی تەکنیکی و تەکنەلۆژیادا زانایانی ئاینی هەڵستان بە دانانی سنور و ڕێسا بۆ مامەڵەکردن بە دراوی بیتکۆین وەک لەخوارەوە ڕوونی دەکەینەوە:-

١. ڕاگەیەندراوی ئەمینداری گشتی یەکێتی زانایانی جیهانی موسڵمانان:-

د.عەلی قەرەداغی ڕوونی دەکاتەوە کە بیتکۆین لە خودی خۆیدا حەرام نیە چونکە پرۆسێسێکی ئەلیکترۆنی زانستی شەرعیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە بیتکۆین لە دەست دانی پارەو نەمان و فەوتانی پارەی لێدەکەوێتەوە بووە بە ئامرازێکی قەدەغەکراو و حەڕام ناو دەبرێت، واتە لە خودی خۆی بیتکۆین حەڕام نیە وەك حەڕامەکانی تری نمونەی باو ئەلکهول و مادده بێهۆشکەرەکان،چونکە گوناهی شتێک کە ئامرازەکانی حەرام بێت زۆر سوکترە لە گوناهی شتێک کەلە بنەڕەت دا حەرام بێت،بۆیە ئەوەی مامەڵە بە بیتکۆین دەکات شتێکی کەمتر حەرامی کردووە وەك ئەو کەسەی کە گوناهێکی حەرام کراوی بنەڕەت دەکات، وە بیتکۆین بە ئامرازێکی قەدەغەکراوی حەرام ناوی دەبات[٢٤].

٢. ڕاگەیەندراوی ئەنجومەنی باڵای فەتوای هەرێم:-

دوای ئەوەی زۆرێک لە مامۆستایانی ئایینی و موسڵمانان پرسیار یان کردوە لە ئەنجومەن سەبارەت بە حوکمی شەرعی مامەڵەکردن و بەکارهێنانی دراوی بیتکۆین، ئەنجومەنی باڵای فەتوای هەرێم لە ڕاگەیاندراوێکدا لە بەرواری(٢٠٢٠/٦/٢٣) ڕوونی دەکاتەوە (ئەم جۆرە مامەڵەیە دروست نیە چونکە لە کڕینی دراو بە دراو پێویستە کڕیار و فرۆشیار لە مەجلیسی مامەڵەکە دراوەکان لەیەکتری وەرگرن (قبض) بە پێچەوانەی ئەو مامەڵەیە حەرام دەبێت ، لە صەحیحی بوخاری موسلیمدا هاتووە کە بەرائی کوڕی عازیب و زەیدی کوڕی ئەرقەم پرسیاریان لە پێغەمبەر(د.خ)کرد لە بارەی گۆڕینەوەو فرۆشتنی پارە بە پارە ئەویش فەرمووی(إن كان يدا بيد فلا بأس وإن كان نساء فلا يصح) واتە ئەگەر دەست بە دەست پارەکە لە یەکتری وەرگیرا ئەوە زەرەرنیە و دروستە بەڵام ئەگەر بە قەرز بوو ئەوە دروست نیە و خراپە) [٢٥] کەواتە ئەنجومەنی باڵای فەتوای هەرێم ڕایگەیاند کە بەکارهێنانی دراوی ئەلیکترۆنی بیتکۆین حەرامە بەهۆی ئەوەی کە پاڵپشتی یاسایی نیە و لە قومار و یانسیبەوە نزیکە[٢٦].

٣. ڕاگەندراوی ئەنجوومەنی باڵای فەتوای سعودی:-

شێخ عبدالله المطلق ئەندامی ئەنجوومەنی زانایانی پێشەنگی سعودی هۆشداریدا لەمامەڵەکردن لەگەڵ بتکۆین و بە حەرام ناوی برد و گووتی (هۆشداری دەدەین لە هاتنە ژوورەوەی چونکە پارەیەکی گرانەو لە ڕووی شەرعەوە حەرامە بەفیرۆدانی پارەو بەکارهێنانی پوچەڵە) وەبەهۆی ئەوەی کەژمارەی زنجیرەیی نیيە و لەلایەن حکومەت و بانکە ناوەندیەکان دەرناچێت تەنها لەرێگەی ئینتەرنێتەوە بێ بوونی و ئامادەبوونی بەکارهێنەران هەربۆیە بەکارهێنەرانی بیتکۆین لە سعودیە ڕوولە کەم بونە بەهۆی ئەو لێدوانەی ناوبراو چونکە ئەنجومەنی باڵای زانایانی سعودی لەساڵی (١٩٧١)دامەزراوە و لێدوان و فەتواکانیان کاریگەری زۆری لەسەر هاوڵاتیان هەیە[٢٧]

٤. ڕاگەیەندراوی ئەنجومەنی باڵای فەتوای فلسطینی:-

ئەنجومەنی باڵای فەتوای فلسطینی فەتوایەکی دەرکردوە کەتێدا مامەڵەکردنی بە دراوی ئەلیکترۆنی بتکۆین حەرام دەکات وەگوتیان کەنابێت بیتکۆین کڕین و فرۆشتنی پێبکرێت چونکە سەرچاوەکەی نەناسراوە وەرێگەی ساختەکاری تێدایە، ئەنجومەنی باڵای فەتوای فلسطینی هۆکاری قەدەغەکردن و حەرام بوونی بیتکۆین دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەستبوون بەقومارکردن و شتی خراپی تێدایە[٢٨].

٥. ڕاگەیەندراوی ئەنجومەنی باڵای فەتوای میسری:-

(شوقي علام ) موفتی میسر ڕایگەیاند بەقەدەغە کردن و حەرام کردنی بەکارهێنانی دراوی بیتکۆین لەکڕین و فرۆشتن و هەموو مامەڵەکانی تردا، وەگوتی کە بیتکۆین نابێتە ناوەندێکی

پەسەند بۆ ئاڵوگۆڕکردن ، موفتی میسر هۆکاری حەرام کردنی بۆ نەزانین و ساختەکاری لە پێوەرو بەهاکەی گەڕاندەوە[٢٩] .

کەواتە بەپێی لێدوانی زانایانی ئاینی مامەڵەکردن بەدراوی بیتکۆین حەرامە ، ئەو هۆکارانەی کە ڕێگرن لە شەرعی بوونی دراوی بیتکۆین و بوەتە هۆی ئەوەی کەزانایان حەرام بوونی بیتکۆین ڕابگەیەنن دەکەین بەسەرباسی لقی دووەمی ئەم چاپتەرە.

**٤,٢ ڕێگریەکانی شەرعی بوونی دراوی بیتکۆین:-**

لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا دوای دەرکەوتنی بیتکۆین تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ بۆ مامەڵەکردن بە دراوی بیتکۆین چەند ڕێگریەکی شەرعی هاتۆتە ئاراوە لەسەر ئاستی تاک و وولاتدا لەوانەش:-

١. فرۆشیارەکان لەوانەیە فێڵ لە هەڵگرانی کارتەکان بکەن بەتایبەتی ئەگەر بەکارهێنەر لەم ڕێگایەوە نەشارەزا بێت وەلە هەمان کاتدا ڕەنگە بەرنامە ڕێژە پرۆفیشناڵەکان زانیاری هاک بکەن و بەهای ساختە بۆ کارتەکانیان زیادبکەن کەفێڵ و ساختەکردن پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامیە ئەمەش بەڕێگریەک دادەنرێ بۆشەرعی بونی بیتکۆین[٣٠].

٢. قبوڵکردنی ئەم دراوە دەرگا بۆ سپیکردنەوەی پارە و بازرگانییە قەدەغەکراوەکانی وەک ماددە هۆشبەرەکان و چەکی بێ مۆڵەت و ئەوانی تر دەکاتەوە، بەهۆی ئەوەی کەناتوانرێت کەسەکان بناسرێت بۆیە ئاسانە دەستگەیشتن بەوجۆرە کاڵاو خزمەتگوزاریانەی کەحەرامە لەشەریعەتی ئیسلامیدا، تەزویرکردن لە دراوی بیتکۆین زۆرتر و بەرزترە لەچاو دراوی ئاسایی هەر بۆیە ئەمەش پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامیە لەئەنجامدا حەرام بوونی بیتکۆین لە ئاینی ئیسلامدا دێتەبەرچاو[٣١].

٣. زانایانی ئاینی پێیان وایە کەدراوی بیتکۆین دڵنیایی تێدانییە وەلە لایەن سەرچاوەی باوەڕپێکراوە وەدەرناچێت وەکو دراوی کاغەزی و کانزایی کەلەلایەن بانکی ناوەندیەوە دەردەچێت هەروەک چۆن یاسادانەری عێراق بەپێی برگەی یەکی ماددەی (٣٢)لە یاسای بانکی ناوەندی عێراق ژمارە(٥٦) ساڵی٢٠٠٤(تەنیا بانکی ناوەندی عێراق مافی دەرکردنی دراوی کاغەزی وکانزایی هەیە بۆ مەبەستی ئاڵوگۆڕی بازرگانی) [٣٢].

کەواتە دڵنیایی لەدراوی کاغەزی بەرچاوە بەهۆی دەرچونیان لەلایەن بانکی ناوەندی مەرکەزییەوە بەپێچەوانەی دراوی بیتکۆین کەهیچ سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراونییە بۆ دەرکردنی بۆیە دڵنیایی تێدا نابینرێت کەئەمەش لەگەڵ بنەماکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامی دژیەکن، بیتکۆین کار ئاسانییە بۆ وەرگرتنی ڕەشوا لەلایەن بەکار هێنەرانیەوە ئەمەش بەپێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامیە[٣٣].

٤. بەڕای توێژەری ئەم توێژینەوەیە یەکێک لە گرنگترین ڕێگری لەبە شەرعی بوونی دراوی بیتکۆین بریتیە لەوەی کەناڕوونییەکی زۆر هەیە لەنرخەکەیدا کەجێگیر نییە نەک تەنها جێگیر نییە بەڵکو بەشێوەیەک گۆڕانی بەسەردا دێت کەوەک یانسیبێک وایە بەخت ڕۆڵی تێدا دەبینێ کەئەمانەش وشە گەلێکن کەهەمووی پێچەوانەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە وە لێرەدا هزرم بۆ ئەوە دەچێت کەئایا ئەگەر کەسێک ژمارەی نهێنی بتکۆینی لەبیربچێت کەواتە پارەکەی هەموو دەڕوات و مایە پووچ دەبێت، وەپێم وایە بەکارهێنانی بتکۆین دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی ڕۆڵی بانکەکان وەهەروەها ئەم دراوە تەنها بەبوونی ئینتەرنێت کار دەکات بەپێچەوانەی دراوی ئاسایی کەلە هەموو کاتێکدا دەتوانێ دەسەڵاتت هەبێ بەسەر پارەکەت داو بەر دەستە، وەبەتەواوی تێگەیشتنم بۆ بابەتەکە پێویستە ئێمەی موسڵمان حەرام بوونی ئەو دراوە قبوڵ

بکەین و هەر بۆیە لێرەوە هیوادارین کە موسڵمانان هەڵسن بەڕاگرتنی ئەو مامەڵانەی کە بەبیتکۆین کراوە تاوەکو ئەمڕۆ من وەک توێژەری ئەم توێژینەوەیە بە تەواوی بڕوامەوە بەکارهێنانی بیتکۆین دوور دەخەمەوە بەشێوەیەک چونکە حوکمی شەرعی بۆ دەرچووە کە حەرامە وە لەڕووی یاساشەوە هیچ یاسایەکمان نییە کە ڕێکخست بێت، هەر ئەم حوکمە شەرعیەیە وایکردووە کەبیتکۆین لە بانکە ئاساییەکان و ئیسلامیەکاندا هیچ بەهایەکی نەبێت.

لەدواکایەدا دەتوانین بڵێین کەدراوی بیتکۆین دراوێکە لەنێوان پێشوازیکردی تاک و جیهان و ڕەتکردنەوەی لە شەریعەتی ئیسلامیدا وە بەپێی یاسا ڕێکنەخراوە و یاسای تایبەت لەبارەیەوە نییە وە لەشەریعەتی ئیسلامیدا حوکمی حەرام بوونی بۆ دەرچوە توێژەری ئەم توێژینەوەیە وەک موسڵمانێکی کوردستانی پێی وایە کەدەبێت حەرام بوونی ئەم دراوە قبوڵ بکەین چونکە لەکاتی نەبوونی دەقی یاسا لەعێراق و هەرێمی کوردستان دەگەڕێینەوە سەر شەریعەتی ئیسلامی بەپێی یاسای شارستانی عێراق ژمارەی (٤٠)ساڵی١٩٥١ لەمادده (١)لە برگەی (٢)دەڵێ(لەکاتی نەبوونی دەق یاسا حوکمی دادگا دەکرێت بە نەریت کاری پێبکرێت وە ئەگەر نەریت نەبوو بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی گونجاو ترینن بێ ئەوەی پەیوەستی مەزهەبێکی دیاریکراوبێت)[٣٤].

### ٥. دەرئەنجام:

ئەم توێژینەوەیە بابەتێکی نوێ و سەردەمیانەی باسکردوە کە دراوی بیتکۆینە بەپێی یاسا و شەریعەتی ئیسلامی ، هەر لەو ڕوانگەیەوە توێژەر گەیشتوە بەکۆمەڵێک دەرئەنجام کەبەرچاوترینیان ئەمانەن:

١. بیتکۆین دراوێکی ئەلیکترۆنی نادیارە و بەهۆی تۆڕی ئینتەرنێت کار دەکات لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە هاتۆتە ئاراوە.
٢. بیتکۆین موڵکی هەرکەسێکە کە بەکاری دەهێنێت لەهەر شوێنێکی جیهاندا بێت.
٣. بیتکۆین لەهەموو شوێنێکی جیهاندا پێشوازی لێدەکرێت لەلایەن خەڵکیەوە.
٤. بیتکۆین خاوەن نرخێکی جێگیر نییە و بەدەوام لە گۆڕان و هەڵاوساندایە کەئەمەش بەهەڕەشەیەک دادەنرێت بۆ ئابووری وڵات.
٥. بیتکۆین خاوەن کۆمەڵێک تایبەتمەندییە کەگرنگترینیان(هەڵگرتنی ئاسان، توانای گواستنەوە و گەیاندنی هەیە، کۆنترۆڵی لامەرکەزییە).
٦. سەرچاوەی دەرکردنی دراوی بیتکۆین نادیارە پشت بەهیچ قەوارەیەکی ناوەندی نابەستێت.
٧. هەڵوێستی وڵاتان بۆ پێشوازی کردن لە بیتکۆین جیاوازە هەندێکیان ئەرێنینە و هەندێکیان نەرێنین.
٨. هیچ یاسایەکی تایبەت بەدراوی بیتکۆین نییەو بەیاسا ڕێکنەخراوە، جگە لە سلڤادۆر.
٩. یاسادانەری عێراق بێ دەنگی نواند بەڵام بانکی ناوەندی عێراق بەکارهێنانی بیتکۆین دووردەخاتەوە.
١٠. بیتکۆین جۆرێکی مۆدێرنی دراوە.
١١. حوکمی شەرعی مامەڵەکردن و بەکارهێنانی دراوی بیتکۆین بەپێی فەتوای ئەنجومەنی باڵای گەورە زانایانی ئاینی حەرام کراوە، بەکارهێنانی نادروستە و ناشەرعییە.
١٢. سەلماندنی گریمانەی توێژینەوە کە دراوی بیتکۆین جۆرێکی نوێی دراوە نەک یەکێک لەشێوەکانی دراو بەهۆی ئەوەی کە بیتکۆین لەدایک بووی پێشکەوتنی تەکنیکی و تەکنەلۆژیایە.

لەمیانەی توێژینەوەکەم دا ئەم پێشنیارانە دەخەینە ڕوو کە پێم وایە بۆ سەرنج دان نوێن:

١. داوا لەیاسادانەری وولاتان بەتایبەتی یاسادانەری عێراق و کوردستانی دەکەین کەیاسایەکی تایبەت بەم بابەتە دەربکەن و کەتێیدا قەدەغەکردنی مامەڵەکردن بەم دراوە ئەلیکترۆنییە ڕابگەیەنن بەهۆی ئەوەی کەلە شەریعەتی ئیسلامیدا حوکمی بیتکۆین حەرامە هەربۆیە داواکارین کەبە تاوان ناساندنی و قەدەغەکردنی مامەڵەکردن بەم دراوە بخرێتە ڕوو.

٢. یاسادانەری عێراق و کوردستانی بێدەنگی بشکێنن وە هەڵوێستێکی نەرێنی بۆ بەکارهێنەرانی بیتکۆین بنوێنن.

٣. داوا کارین حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و دام و دەزگا پەیوەندارەکان کە سەنتەرێکی هۆشیارکردنەوە لەم بابەتە درووست بکەن بەمەبەستی تێگەیشتنێکی زانستیانەو بابەتیانە دەربارەی بیتکۆین و خراپیەکانی و هۆکارەکانی حەرام بوونی لەشەرعیەتی ئیسلامیدا، بۆ ئاشنابوونیان لەبابەتەکەو تاوەکو دورکەونەوە لەبەکارهێنان و مامەڵەکردن بەدراوی بیتکۆین، هەروەها ببێتە پێشنیەکیش بۆ دەسەڵاتی یاسادان تاکو بتوانن یاسای تایبەت بەم بابەتە دەربکەن بە قەدەغەکردن و بە تاوان ناساندنی.

## پەراوێز

[١]- د.أحمد أمداح, د.صالح بويشيش، عملة البتكوين وحكم التعامل بها في الفقه الإسلامي والقانون الجزائري, (١٩) ٢٢[مجلة الإحياء] (٢٠١٩) ٣١٥ - ٣١٦

[٢]- الموقع الالكترونية: https://www.netaawy.com/2017/03/What-is-bitcoin.html?m=1#head-1

[٣]- Mattew Kien- meng Ly, COINING BITCOINS LEGAL – BITS EXAMINING THE REGULA TORY FRAMEWORK FOR BITCOIN AND VERTUAL CURRENCIES, (27) [Harvard Journal of law & Technology] (2014) 589

[٤]- منظمة الأغذية والزراعة للأمم المتحدة، حالة أسواق السلع الزراعية (روما)، food& Agriculture org،٢٠٢٠)١١٤

[٥]- الموقع الالكترونية: https://www-alroeya-com.cdn.ampproject.org/

[٦]- عبدالله بن سليمان بن عبدالعزيز الباحوث، النقود الإفتراضية، (٤٧) [المجلة العلمية للإقتصاد والتجارة] (٢٠١٧) ١٤

[٧]- د.مصطفى يوسف كافي، النقود والبنوك الإلكترونية (سوريا–دمشق–جرمانا، دار مؤسسة رسلان، ٢٠١١)٧

[٨]- د. عبدالقادر دندن وآخرون، العلاقات الدولية في عصر التكنولوجيات الرقمية تحويلات عميقة – مسارات جديدة (ب.ش.چ، مركز الكتاب الأكاديمي، ٢٠٢١)١٦.

[٩]- عبدالحليم شاهين، الخصائص الاقتصادية للبيتكوين(٢٢) ٢ [مجلة التنمية والسياسات الإقتصادة] (٢٠٢٠) ٤٩ - ٥٨

[١٠]- المستشار القانوني عبدالصبور عبدالقوي علي مصري، التنظيم القانوني للتجارة الإلكترونية (الرياض، القانون والإقتصاد،٢٠١٢) ٨١

[١١]- عبدالله ناصر عبيد نصيرى الزعابى ، التنظيم القانوني للمعلات الرقمية المستحدثة في التشريع الإماراتي والمقارن(رسالة الماجستير، جامعة الامارات العربية المتحدة،٢٠١٨) ٣٧

[١٢]- د.نواف حازم خالد، ايسر عصام داؤد، الطبيعة القانونية للنقود الالكترونية [مجلة كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية] ٣٤، ٤٤ – ٤٥.

[١٣]- محمد عمر الشويرف، التجارة الإلكترونية في ظل النظام التجاري العالمي الجديد (ليبيا، زهران للنشر،٢٠١٣) ١٢٩

[١٤]- الموقع الالكترونية: https://ar.history-hub.com/hl-albytkoyn-kanony
[١٥]- الموقع الالكترونية: /https://www-alhurra-com.cdn.ampproject.org
[١٦]- الموقع الالكترونية: https://ar.moneynx.com/countries-where-bitcoin-is-legal-illegal-dish
١٧- الموقع الالكترونية: https://aawsat.com
[١٨]- الموقع الالكترونية: https://www.nasnews.com/view.php?cat=٤٩٦٧٥
[١٩]- مظهر جعفر صديق، بەرێوەبەری بانك (عێراق، هەولێر، بەرێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانیەکان لقی بێخال)
[٢٠]- هاوناز ئازاد دزەیی، بەرێوەبەری بەشی هەولێر (عێراق، هەولێر، بانکی أبو ظبی ئیسلامی)
[٢١]- الوقائع العراقية، القانون التوقيع الالكتروني والمعاملات الالكترونية رقم (٧٨)لسنة٢٠١٢، المادة ٢٤.
[٢٢]- الوقائع العراقية، القانون المرافعات المدنية رقم (٨٣)لسنة ١٩٦٩ المعدل، المادة (٣٠).
[٢٣]- ابن حجر، أحمد الهيتمي، تحفة المحتاج بشرح المنهاج (ب-ش.چ، المكتبة التجارية الكبرى، ١٩٨٣) ٢٧٩.
[٢٤]- الموقع الالكترونية: /https://mubasher-aljazeera-net.cdn.ampproject.org
[٢٥]- الموقع الالكترونية: http://www.zanayan.org/t_detail.php?section=٢&id=٢٦٥٥٥
[٢٦]- الموقع الالكترونية: https://bmctv.krd/Detail.aspx?jimare=١٦٨٥٤
[٢٧]- الموقع الالكترونية: /https://www.aa.com.tr
[٢٨]- الموقع الالكترونية: /https://www-alaraby-co-uk.cdn.ampproject.org
[٢٩]- الموقع الالكترونية: https://ar.moneynx.com/countries-where-bitcoin-is-legal-illegal-dish
[٣٠]- د.مصطفى يوسف كافى،التسويق الإلكتروني في ظل متغيرات التكنولوجية المعاصرة (دار رسلان،٢٠٠٩) ٢٣٤.
[٣١]- باسم أحمد عامر، العملات الرقمية البيتكوين نموذجا ومدى توافقها مع ضوابط النقود في الإسلام (١٦) [مجلة جامعة الشارقة للعلوم الشرعية والدراسات الإسلامية] (٢٠١٩)٢٦٤، ٢٨٢
[٣٢]- الوقائع العراقية، القانون البنك المركزي العراقي ، رقم (٥٦) لسنة ٢٠٠٤، المادة ٣٢.
[٣٣]- يوسف بن عبدالعزيز بن صالح التويجري، النقود الالكترونية (أطروحة الدكتوراه ، جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية،١٤٣١هـ) ٢١٢.
[٣٤]- الوقائع العراقية، القانون المدني العراقي، رقم (٤٠) لسنة ١٩٥١. المادة (١).

## ليستى سەرچاوەكان

کتێب


١. منظمة الأغذية و الزراعة للأمم المتحدة، حالة أسواق السلع الزراعية (روما، food & agriculture، ٢٠٢٠)
٢. بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا و پەیوەندییە ئەکادیمیەکان، (ڕێبەری خوێندنی باڵا لە زانکۆی سۆران، ٢٠٢٠).
٣. مصطفى يوسف كافي، النقود والنبوك الإلكترونية (سوريا- دمشق - جرمانا، دار مؤسسة رسلان،٢٠١١)

٤. د. عبدالقادر دندن و آخرون، العلاقات الدولية في عصر التكنولوجيات الرقمية تحولات عميقة - مسارات جديدة (ب-ش.چ، مركز الكتاب الأكاديمي،٢٠٢١)
٥. المستشار القانوني عبدالصبور عبدالقوي علي مصري، التنظيم القانوني للتجارة الإلكترونية (الرياض، القانون والإقتصاد،٢٠١٢)
٦. محمد عمر الشويرف، التجارة الإلكترونية في ظل النظام التجاري العالمي الجديد (ليبيا، زهوان للنشر،٢٠١٣)
٧. ابن حجر، أحمد الهيتمى، تحفة المحتاج بشرح المناهج (ب- ش .چ، المكتبة التجارية الكبرى، ١٩٨٣)
٨. د.مصطفى يوسف كافي،التسويق الإلكتروني في ظل متغيرات التكنولوجية المعاصرة (ب.ش.چ، دار رسلان،٢٠٠٩)

گۆڤارى ئەكاديمى:-

١. د.أحمد أمداح، د.صالح بويشيش،عملة البيتكوين و حكم التعامل بها في الفقة الإسلامى والقانون الجزائري،(١٩)٢٢[مجلةالإحياء](٢٠١٩)
٢. عبدالله بن سليمان بن عبدالعزيز الباحوث، النقود الإفتراضية (٤٧) ١ [المجلة العلمية للإقتصاد والتجارة] (٢٠١٧)
٣. عبدالحليم شاهين، الخصائص الاقتصادية للبيتكوين، (٢٢) ٢ [مجلة التنمية والسياسات الإقتصادية] (٢٠٢٠)
٤. د.نواف حازم خالد، ايسر عصام داؤد، الطبيعة القانونية للنقود الالكترونية [مجلة كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية]
٥. باسم أحمد عامر، العملات الرقمية البيتكوين نموذجا ومدى توافقها مع ضوابط النقود في الإسلام (١٦) ١[مجلة جامعة الشارقة للعلوم الشرعية والدراسات الإسلامية]

توێژینەوەی ئەکادیمی :-

١. عبدالله ناصر عبيد نصيرى الزعابى ، التنظيم القانوني للعملات الرقمية المستحدثة في التشريع الإماراتي والمقارن(رسالة الماجستير، جامعة الامارات العربية المتحدة،٢٠١٨)
٢. يوسف بن عبدالعزيز بن صالح التويجري، النقود الالكترونية (أطروحة الدكتوراه ، جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية،١٤٣١ه)

یاساکان:-

١. القانون التوقيع الالكتروني والمعاملات الالكترونية رقم (٧٨)لسنة٢٠١٢.
٢. القانون المرافعات المدنية رقم (٨٣)لسنة ١٩٦٩ المعدل
٣. القانون البنك المركزي العراقي ، رقم (٥٦) لسنة ٢٠٠٤
٤. القانون المدني العراقي، رقم (٤٠) لسنة ١٩٥١ .

سەرچاوەی بیانی:
ماڵپەری ئەلیکترۆنی:

1. https://www-alhurra-com.cdn.ampproject.org
2. https://ar.moneynx.com
3. https://www-alroeya-com.cdn.ampproject.org
4. https://www.nasnews.com
5. https://mubasher-aljazeera-net.cdn.ampproject.org

6. http://www.zanayan.org
7. https://bmctv.krd
8. https://www.aa.com.tr
9. https://www-alaraby-co-uk.cdn.ampproject.org
10. https://aawsat.com

ديمانه:
١. مظهر جعفر صديق، بەڕێوەبەری بانك (عێراق، هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانكە بازرگانیەكان لقی بێخال).
٢. هاوناز ئازاد دزەیی، بەڕێوەبەری بەشی هەولێر (عێراق، هەولێر، بانكی أبو ظبی ئیسلامی)

List of sources

book

1. United Nations Food and Agriculture Organization, the case of agricultural commodity markets (Rome, food & agriculture, 2020)

2. Directorate of Higher Education and Academic Relations, (Guide to Higher Education in Soran University, 2020).

3. Mustafa Yousef Kafi, Cash and Electronic Cash (Syria-Damascus-Germany, Raslan Foundation, 2011)

4. Dr. Abdulqadir Dandan and Akhrun, International Relations in the Age of Digital Technologies Deep Transformations - New Routes (B-SH, Academic Book Center, 2021)

5. Legal Advisor Abdul Sabour Abdul Qawi Ali Egyptian, Legal Regulation for Electronic Commerce (Riyadh, Law and Economics, 2012)

6. Mohammed Omar Al-Shuwairf, Electronic Commerce in the Shape of the New World Commercial System (Libya, Zahwan Publishing House, 2013)

7. Ibn Hajar, Ahmad al-Haytami, Tahfa al-Muhtaj with explanation of the curriculum (B-Sh.C, Al-Muktabah al-Tijariyah al-Kubri, 1983)

8. Dr. Mustafa Yousef Kafi, Electronic Marketing in the Light of Contemporary Technological Changes (BSH, Dar Raslan, 2009)

Academic Journal:-

1. Dr. Ahmed Amdah, Dr. Saleh Bouishish, Bitcoin transaction and the rule of its transactions in Islamic jurisprudence and Algerian law, (19)22 [Revival Magazine] (2019)

2. Abdullah ibn Sulaiman ibn Abdul Aziz al-Bahooth, Al-Naqud al-Iftradiya (47) 1 [Scientific Journal of Economics and Trade] (2017)

3. Abdul Halim Shahin, Economic Characteristics of Bitcoin, (22) 2 [Journal of Development and Economic Policies] (2020)
4. Dr. Nawaf Hazim Khalid, Isr Essam Daud, The Legal Nature of Electronic Money Laundering [Journal of the Faculty of Law for Legal and Political Sciences]
5. Bassem Ahmad Amer, Bitcoin Digital Transactions Models and Their Compatibility with Cash Rules in Islam (16) 1 [Journal of Sharjah University for Shari'ah Sciences and Islamic Studies]
Academic Research :-
1. Abdullah Nasser Obaid Nasiri Al-Zaabi, Legal Regulation of Quantitative Transactions in UAE and Comparative Legislation (Master's Thesis, United Arab Emirates University, 2018)
2. Yousef ibn Abdul Aziz ibn Saleh al-Tuwaijri, Electronic Coinage (Doctorate, Imam Muhammad ibn Saud Islamic University, 1431 AH)
Rules:-
1. Electronic Securities and Electronic Transactions Law No. (78) of
2. Civil Procedure Law No. (83) of
3. Central Bank of Iraq Law, No. 56 of
.4 Iraqi Civil Code, No. 40 of
Foreign sources:

1. Mattew Kien- meng Ly, COINING BITCOINS LEGAL – BITS EXAMINING THE REGULA TORY FRAMEWORK FOR BITCOIN AND VERTUAL CURRENCIES, (27) 2 [Harvard Journal of law & Technology] (2014)

1. https://www-alhurra-com.cdn.ampproject.org
2. https://ar.moneynx.com
3. https://www-alroeya-com.cdn.ampproject.org
4. https://www.nasnews.com
5. https://mubasher-aljazeera-net.cdn.ampproject.org
6. http://www.zanayan.org
7. https://bmctv.krd
8. https://www.aa.com.tr
9. https://www-alaraby-co-uk.cdn.ampproject.org
10. https://aawsat.com
Interview :
1. Mazhar Jaafar Siddiq, Bank Director (Iraq, Erbil, General Directorate of Commercial Banks, Bekhal Branch).

2. Hawnaaz Azad Dzeyi, Director of Erbil Branch (Iraq, Erbil, Abu Dhabi Islamic Bank